# ئاسایشی هەرێم ودێوەزمەی قاعیدە

**زمناکۆ عزیز**

بەرلەرتەقینەوەکەی هەولێرو مەخمور، ڕۆژانە هاولاتیان لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و دەنگوباسەکانی ناوخەڵکەوە، ئەوەیان ئەبیست کە: مەفرەزەیەکی ئەنسار لە پێنجوێن لەگەڵ چەکدارەکانی مەڵبەند دەرگیر بون، کەتیبەیەکی قاعیدە لەشارەزور، شارباژێر، دەشتی کۆیە، قەلادزە، جەلەولا، کەلار، سەرکەژەکانی هەورامان....هتد، بینراون و چەند کردەوەیەکی تیرۆریستسان ئەنجامداوە، ئەم هەوالانە بەجۆرێك دڵەڕاوکێ لای خەڵك دروستکردوە، کە هەرگیز بە خاڵە پشکنینە زۆرو زەبەنەکانی ئاسایش و وەزارەتخانەناوخۆکانی عێراق هەرێم بەرپێناگیرێت و کار گەیشتوەتە ئەوەی کە نائارامی و دڵەڕاوکێ بگاتە ڕیزەکانی دەزگاکانی ئەمنی، ئەوەتا دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئەو سەبازانەی سەرسنوری پێنجوێن کە گوایا بەدەستی تیرۆریستانی ئەنسار کوژرابن، وانیەو خۆیان لەبەر شڵەژاوی و ترسیان بەهەڵە تەقەیان لەیەکتر کردوەو لەیەکتریان کوشتوە!!، سەیرە، دەزگایەك کە بەڕۆژی نیوەڕۆ سەرکوتی نارەزایەتی لاوان و خوێندکاران و مامۆستایان و کەس و کاری کیمیاباران و ئەنفال و خەڵك ئەکات و تەقەئەکات و خۆپیشاندەران ئەکوژن و بەسەدان کەسی ڕاپێچی زیندانەکانیان ئەکەن، کەچی لەبەردەم دەستیەك شەمشەکوێرەی تیرۆریست، مشتێکیان ماوەتەوەو سەری دنیایان لێ هاتوەتەوەیەك!!. دەمی هەرکام لەبەرپرسانی ئەم دوو ئیدارەیە ئەکەیتەوە ئارامی کوردستان و بونی ئاسایشیان کردۆتە کێوێك لەخەڵك و ڕۆژانە بەقیمەتی نان و ئاو دەرخواردی خەڵکی ئەدەن، کەچی نەك هەر نەیانتوانیوە ئەو دڵەڕاوکێیەی خەڵك برەوێننەوە، بگرە هێزەکەی خۆشیان لەرزی لێنیشتووەو مەعلوم نیە کەسبەی چەکەکەی دەستی بۆ چ کارێك بەکائەهێنێت. بەبڕوای من بەشێك لەهێزە ئەمنیەکانی کوردستان موتەعاتفن لەگەڵ ئەو هێزو لایەنە تیرۆریستانە، سەرکردنێکی خێرا بەناو مزگەوتەکانی شاردا کە لەبەر پۆلیس و مرور جێگەی کەسیتری تیا نابێتەوە، ڕاستیی ئەو قسەیە ئەسەلمێنێت. لەمانگی ڕەمەزاندا وە لەهەندێك پارك و شوێنی گشتی و حەوانەوەی لاوان، هەندێك چەکداری سەربە وەزارەتی ناوخۆی کوردستان، ڕەفتاریان زۆر ناشرینترە لە پۆلیسەکانی "نهی عن المنکر"ی سعودیەو ئێران. جا ئیتر ئەم هێزە چۆن ئەتوانێ ئارامی و ئەمنیەت دابین بکات؟ ئەگەر دەزگاکانی ئەمنیەتی و پاراستنی ئارامی ژیان و گیانی خەڵك لەو عونسورە مەزهەبیانە پاکنەکرێتەوەو خەڵکانی دڵسۆزو مەدەنی و جەریئ جێگایان نەگرنەوە، ئەوا دور نیە کەسبەی وەك بەغداو ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق ئەم هێزانە خۆیان نەبنە بەشێك لەو کردەوە تیرۆریستیانەیەی کە هەڕەشە لەسەرو ماڵی هاولاتیان ئەکات.

هاوکات دەزگاکانی ئەمنیەت پارێز ئەبێت لەو گەمە دبلۆماسیە قێزەونە گەڕێن کەسەرانیان لەگەڵ لایەنە کۆنەپەرست و تیرۆریستەکاندا ئەیکەن، ئەگەر بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن، ئەوا "شانە بەناو نوستوەکانی" ئەم هێزو لایەنە تیرۆریستانەو بنکەو بارەگاکانیان زۆر بەئاسانی ئەدۆزرێنەوەو کۆنترۆڵ ئەکرێن و، ئەوسا نەقاعیدەو نە هیچ کۆنەپەرستێکیتریش جێگایەکیان نابێت لەکوردستان.